# شاگردی

**ئیسماعیل بێقەرار**
Ismail-beqarar@yahoo.com

لەزۆربەی خواردنگەو ئوتێل‌و کافتریاو چایخانە ...و هتد لە کوردستاندا ئەوەی بەرچاودەکەوێ، لەوانەی کاری تێدادەکەن لە رەگەزی نێرن، بۆیە لەخۆرانییە کە گوتویانە؛ ژنان ئەو دەمە زۆر هەست بە ئاسودەیی دەکەن کە لەدەرەوەی ماڵەوە لەخواردنگەیەك خواردن دەخۆن، چونکە لەوێ نە چێشت لێدەنێن‌و نە قاپ‌و قاچاغ هەڵدەگرن‌و نەسفرە پاکدەکەنەوە و نە قاپ‌و قاچاغیش دەشۆن. دیاردەی شاگردی لە کوردستاندا وەك هەرجێیەکی دی لەگەڵ زۆربەی رێژەی دانیشتوان‌و دروستبوونی شارەگەورەکان و تێکچڕژانی کۆمەڵگا وەك پێداویستیەك ئەو خانانە دەرکەوتن کە مرۆڤ تیایدا دەحەسێنەوەو پێداویستییەکانی تێدا جێبەجێ دەکەن.

زۆربەی پیشە لە کوردستاندا کاتی‌و سەرپێین، لەبەرئەوەی پیشەکان رەسمی نین‌و سەربە کەرتی زۆر بچوکە تایبەتەکانن، بۆیە دەستگرتن بە پیشە لای زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی شاگردی دەکەن تاسەر نەبووە، رەنگبێ کەمێکی کەم درێژەیان بەپیشەکەیان دابێ‌و دەرەنجامی کۆڵنەدانیان بووبن بەخاوەن چایخانە...هتد. ئەم رێپۆرتاژەمان بەسەرکردنەوەی دیاردەی شاگردییەو لەتوێی رێپۆرتاژەکە ئەوانەمان دواندن کە بەردەوامن لەکاردا.

## وەستاکەم بەجوێن کارم پێدەکات

"ئەمە دوو ساڵە شاگردی فیتەرم، بەراستی ئەمە کار نییە دەیکەم، بەڵام چی بکەم ناچارییە!". ئەمەی سەرەوە قسەی کوڕە گەنجێکی تەمەن (١٧) ساڵان بوو، بەناوی (هاوار حوسێن) خۆی ناساند، ئەو لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ گۆڤاری کوێستان وتی: "ئەم کارە بەدڵی خۆم نییە، بەڵام چی بکەم ناچارم بۆ بژێوی دەبێ کارێك بکەم، چونکە باری بژێویمان باش نییە" سەبارەت بە رەفتاری خاوەن کارەکەی ئەو دەڵێت:" خاوەن کارەکەم باشە، خراپ نییە".کە پێمانگووت رەفتاری رۆژانەی چۆنە، دەڵێت: " گرفتی رۆژانەم زۆرە، ئەگەر بەنابەدڵی کارێ بکەی ئەوە هەمیشە سەرئێشەیە بۆت، زۆرجار بیرم لەوەکردۆتەوە کە کارێکی باشتر بکەم، بەڵام کاریترم دەستناکەوێت". هەروەها لەسەر لایەنی توندوتیژی ئەو بەراشکاوی دەڵێت:" وەستاکان‌و خاوەن کارەکان زۆربەیان توندوتیژن، زۆربەیان قسەی ناشرین‌و جوێندەدەن زۆرجار نیگەران بووم لە خۆم کە بەرامبەرم ئەم هەڵوێستەی نواندوە، بەجوێن بانگی کردووم‌و بەجوێن کارم پێدەسپێرێ، لەبەرئەوە زۆرجار بڕیاری وازهێنانمداوە لەبەر ئەم جۆرە کارانە".

## وەستایێکم نەبینووە نەرم‌ونیان بێت

(بابان مستەفا) تەمەن (٢٩) ساڵان کە شاگردی رۆنگۆڕ بوو ئەویش وەك سەدان شاگردی ئەم بازارە لەبەر بژێوی ژیانی خۆی کاری شاگردی هەڵبژاردووەو دەیوت:" لەبەربژێوی خێزانیم بەداخەوە نەمتوانی بخوێنم، بەڵام لەدوکانی هەرکەسێ کاربکەم خاوەن کار رازینابێ، توندوتیژی پیشەی هەموو وەستایەکە کە دەینوێنێ، نەمزانیوەو نەمبینوە وەستایەك بێهەڵچوون بێ، بەرامبەر شاگردەکەی نەرم‌ونیان بێت بابان دەڵێ:"من حیسابی برا گەورەمی بۆ دەکەم، کەچی ئەو برا گەورەیەو بەکەسێکم نازانێ زۆرجار ئازارمدەدا، بەڵام لەبەر بێکاری دەستبەرداری نابم".



## شاگردی زۆر ناخۆشە

(شاخەوان) ٢٨ ساڵ کە لەیەکێك لەسەرتاشخانەکانی سۆران خەریکی کاری سەرتاشیبوو دەڵێت:"ئەم کارەم بۆیە هەڵبژارد لە بێکاری بوو، لەبەر هەژاری‌و نەداری ئەم کارە دەکەم شاگردی زۆر ناخۆشە، چونکە ناتوانم بەکەیفی خۆم کاربکەم‌و ئازادبم لەم دوکانە، زۆرجار ئیهانەمان دەکات سەبارەت بەدواکەوتن‌و ئامادەنەبوونم لەکاتی کارکردندا، لەهەمان کاتیشدا کرێچیم‌و سەرباری ئەوەی کە توشی نەخۆشی فەقەراتی پشتیش بوومە". سەبارەت بەکارەکەی شاخەوان دەڵێ:" زۆرجار لەگەڵ وەستاکەم نیگەران بوومە، چونکە ئەو زۆرجار دەڵێ خەڵکی دەهێنمە جێی تۆ، بێئەوەی ئەم چەند ساڵەی شاگردیم رەچاوبکات، چونکە ٧ ساڵە ئەم کارە دەکەم‌و هەر لەم دوکانە ماومەتەوە بەخۆشی‌و ناخۆشی بێ ئەم کارە دەکەم".

## ئازادانە کاردەکەم

(رێباز حاجی) کە تەمەنی(٢٢)ساڵە، لە چێشتخانەی سلێمانی کار دەکات‌و ئەو دەیوت:" ئەمە ٧ ساڵە کاردەکەم، بەڵام خاوەن کارەکەم باشە لەمامەڵەکردن‌و موچەی هەفتانەم (٧٥٠٠٠) حەفتاوپێنج هەزاردینارە". ئەو بەبێ ئەوەی ترس‌و دڵەراوکێی هەبێ بەراشکاوی باسی خاوەن چێشتخانەکەی دەکرد، بەپێچەوانەی شاگردەکانی تر ئازادانە کاردەکات‌و ئەو دەڵێ:" زۆر ئاسوودەم لەکارەکەی خۆم، هەموو خەڵکێك دێتە چێشتخانە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەمزانیوە گرفت چییە لەکارکردنم".

## دەستدرێژی نەکراوەتە سەرم

(محەمەد مەحمود) تەمەن(٢١)ساڵان، کە ئەمە دووەم شوێنە تێیدا کاردەکات‌و سەبارەت بەکاری شاگردی دەڵێت: "رۆیشتنم لە شوێنی یەکەم لەبەرئەوە بوو، چوومە بوك گواستنەوەیەك‌و زۆریان لا ناخۆشبوو، منیش ئەوێم بەجێهێشت". ئەو دەڵێ:" هەفتەی بە ٥٠ هەزار دینار کاردەکەم، هەرچەندە پارەکەم کەمە، بەڵام کاری شاگردی چێشتخانەم لەهەموو کارەکانی تر پێخۆشترە، چونکە کاری تر گرانن‌و لەتوانام دانەبوو". محەمەد لە درێژەی قسەکانیدا بۆ گۆڤاری کوێستان دەڵێ:" کارەکەم بەدڵە، بەڵام ئەگەر بەدڵیشم نەبێ ئەوا ناچارم، دەبێ کاریتر بکەم‌و لەوانەشە دەستمنەکەوێ‌و لەهەمانکاتیشدا خاوەنی چێشتخانە خزممانە، لەگەڵم باشەو گرفتمان نەبووە، هەتا ئێستا هیچ جۆرە دەستدرێژییەك نەکراوتەوە سەرمان‌و شتی وانەبووە".

## کوڕان بۆ ئێمە دێنە سوپەرمارکێت

(لاڤە کامەران) کە کچێکی تەمەن (٢٠)ساڵان بوو، لە سوپەرمارکێتی سۆران کاریدەکرد، ئەو دەڵێ:"دوو سێ مانگە کاردەکەم بەبڕی(٢٥٠) دووسەدوپەنجا هەزاردینارو پارەکەم باشە بۆیە ئەمکارەش دەکەم، کەبێ کاربوومە لەماڵەوە لەبەرنەداری‌و هەژاری ئامادەم ئەو کارەدەکەم". لاڤە بەپێکەنینەوە دەڵێ:"گرفتی رۆژانەمان زۆرن بەتایبەت هەموو خەڵکێك دێتە سوپەرمارکێت هەندێکیان زۆر ماندو و ئەزیەتمان دەدەن، هەر شتێك نرخی خۆی لەسەرە کەچی هەر بۆ ئەوەی ئێمە بدوێنن دەڵێن: ئەمە بەچەندە بەتایبەتی کوڕان کە دێنە سوپەرمارکێت تەنیا مەبەستیان قسەکردنە لەگەڵ کچان، گرفت بۆ ئێمە دروستدەبێ". لاڤە بەسەرهاتێکمان بۆ دەگێڕێتەوەو ئەو دەڵێ:"کوڕێك هاتە لای من‌و رۆیشتم‌و ئەو هەر بەدوام داهات کە سەیری نرخی شتومەکەکانی دەکردو وتی: دەتوانی نرخی شتەکەم پێبڵێی نرخی چەندە. کەچی نرخی شتەکانیش نووسراوەو بۆیە زۆر لێی نیگەران بووم و تووڕەبووم".